
# بۆ سەید عەلیساڵحی





فەرهاد پیرباڵ

ئەو زەمانەی شیعر هەبوو:

عەشق هەبوو، خۆشەویستی هەبوو، شیرین و فەرهاد، وەیس و رامین، مەم و زین هەبوو..

ئەو زەمانەی شیعر هەبوو:

ماڵ هەبوو، خاوو خێزان هەبوو، دایك و باوك، خوشك و برا بەچرپەی رازو نیاز هەبوو..

ئەو زەمانەی شیعر هەبوو:

نیگار هەبوو، تابلۆ هەبوو،ئەسپ، شەونم، شەرم، شیر، صەبا هەبوو..

ئەو زەمانەی شیعر هەبوو:

وڵات هەبوو، مێرخاسی هەبوو، دادپەروەری قانوون، ئەخلاق هەبوو.

**ئەو زەمانەی شیعر هەبوو:**

**خودا هەبوو، فریشتە هەبوو، دەست لەملانێی مزگەوت و کەنیسەکان، چاکە، یەکسانی، برایەتی هەبوو..**

**ئەو زەمانەی شیعر هەبوو:**

**شەراب هەبوو، نوور هەبوو، شادی، مەستی، گۆرانی، سەفا هەبوو..**

**ئەو زەمانەی شیعر هەبوو:**

**ئارشیتێکتوور هەبوو، پرسپۆلیس هەبوو، بێستوون، تەختی رۆستەم، ئەسفەهان هەبوو..**

**ئەو زەمانەی شیعر هەبوو:**

**دارستان هەبوو، پیاسە هەبوو، جریوەی مەل، باخچە، باران، با هەبوو..**

**ئەو زەمانەی شیعر هەبوو:**

**کاروانسەرا هەبوو، ئاهەنگ هەبوو، سەما، مۆسیقا، گۆشتی سماقرێژی برژاو هەبوو..**

**ئەو زەمانەی شیعر هەبوو:**

**ئازادی هەبوو، حورمەت هەبوو، میواندۆستی، بەخشندەیی، سۆز، وەفا هەبوو..**

**ئەو زەمانەی شیعر هەبوو:**

**عەشق هەبوو، ئینسان هەبوو..**

**منی بن:**

**ئێستا، شیعر نیە، ئەی برادەرە پیرە جوانە لوڕستانیەکەم!**

**هیچ شیعرێك نیە: تەنیا چەند لاپەڕەیەکی فرووغ و**

**شاملۆو سوهراب و تۆ نەبێ،**

**لەگەڵ چەند دێڕێکی ئەو برادەرانەشت کە ئەمڕۆ**

**یان لەزیندان حەپس کراون**

**یانیش بەردەوام بەرهەمەکانیان سانسۆر دەکرێن**

**یانیش ئەوانەی دەیانەوێ —ناچار—**

**بەرەو ئامریکاو ئەوروپا سەرهەڵبگرن.**